دایه، باوه، کێ خواوه؟

نوسینی: دوکتور عەلی شەریعەتی

وەرگێرانی: هەژار



42977

Preview sample - page 1 of 4 - Soran University Academic Digital Library

با تشکر از همکاری
پژوهش ایران‌زمین - واحد فعالیتهای فرهنگی

سروش
تهران، خیابان استاد مطهری، نبش خیابان مبارزان، ساختمان جام‌جم
چاپ اول: اسفند ۱۳۵۹
حروفچینی: لاینوترون انتشارات سروش
این کتاب در ده‌هزار نسخه در چاپخانه فروغ‌دانش چاپ و صحافی شد.
همهٔ حقوق محفوظ است.

Preview sample - page 2 of 4 - Soran University Academic Digital Library

بە ناو خوا

خوشك‌و برا كوردەكانم

وا چوارەمین نامیلكەیە كە لە دوكتور شەریعەتی وەردەگیرم. ئەگەر بەوردی‌و ژیرانە باش سەرنجت نەدابێتە سێ نامیلكەكانی پێشو. بۆت هەیە گلە بكەی‌و بەسەرمدا ببوڵێنی: ئەرێ كاورای كوردی‌نوسی بەچكە سوننی تۆ چیتداوە لەم شەریعەتیە شیعەیەو بوچە وازمان لێ ناهێنی. بەڵام ئەگەر تێگەیشتبی ئەڵێ چی؟! نەك هەر گازندەم لێ ناكەی، بگرە پەسندیشی دەكەی. بابزانین چۆن؟؟.

لەوەتا دنیادنیایەو زەوی لەسەر پشتی‌گایە، هەر دەستورو رێوشوێنێك كەپیاوچاكانی مرۆدۆست هێناویانەو ویستویانە پرایی گەل لەسایەی‌دا بەختەوەربن. زۆر پێنەچوە مرۆخۆرانی حیلەباز بۆ روتاندنەوەی هەژاران چەرخیان‌داوەو كردویانەتە داردەستێك سەری نەیارانی خۆیان پێ كوتاوە. ئەوكەسانەی پێغەمبەربون بۆیە هاتون زوڵمو زەڵالەت نەهێڵن. نامەی پڕلە عەدالەتیان لەعاسمانەوە هێناوە. كەچی هەر لەپاش ماوەیەك گزیكاران بەلای خۆیان‌دا هێناوەو بۆ گەل خواردن‌و خۆبواردن لەمافی چارەرەشان‌و بێبەشان دەكار كراوە. میژوی مەسیح بخوێنەوە كەخۆی چۆن بوەو چی ئەڵێ؟ لەمیژوی دوهەزار ساڵەی خاچپەرستیش وردەوەبە. تابزانی پاپو كەشەو كاردینالان چۆن بەناوی تەعلیماتی مەسیحەوە بونە گورگی ورگدڕو دەبەستەزمانان روهاتون‌و ملیان لە تاڵانیان ناوە، چەندملیۆن كەسیان كوشتوەو سوتاندوە، چەند روبار خوێنیان رشتوە.

یان بڕوانە ئەو ئیسلامەی كە بەرنامەكەی قورعانە، دەگەڵ ئاكاری ئەوانەی كە نزیكەی چاردە چەرخە بەناوی موسوڵمانەتی حوكم دەكەن پێكی بگرە. تابزانی تاكوێ یەكتر دەگرنەوە؟! هەر لەدەورانی ئەمەوی تاصەفەوی تا دەگاتە ئەم

Preview sample - page 3 of 4 - Soran University Academic Digital Library

رۆژگارەی کە بۆخۆمان تیا دەژین. چەند خاوەن زۆرو هەژارخۆر بەناوی دین خواردویانین‌و دەمان‌خۆن. هەرناکەسێکو تەرەسێک دەستی رۆیشت بەزۆری کوتەکو قامچی خۆی ناودەنێ راسپاردەی عاسمان‌و بەرێوەبەری قورعان‌و بەرانبەربە ئارەزوی خۆی مانای ئایەتان دەگۆڕێ‌و خۆ بە سەر موسوڵماناندا دەسەپێنێ. کێ دەوێرێ هاوار بکا؟ کێ زاتدەکا لەدەست زوڵم بنالێنێ؟ هەر دەس‌بەجێ ئایەتێکی بۆدێننەوەو بە کوتەک لێی حاڵی دەکەن کە هەربێژێ: لەل، کافرەو رەوایە خوێنی برژێنن.

شەریعەتی دەستی ئەودەستە دەسبڕەی خوێندۆتەوە، مانای قورعانی زانیوە. تێگەیوە ئیسلامی پێشین زۆر لەمێژە بەمێزەرو تاڵەریشی دنیاپەرستان خنکاوە. لەخواش‌نەبێ لەهیچ کەسێک نەترساوە. زۆر بەراشکاوی وێراویە شوشەی ئاورۆی گزیکاران لەبەردیداو پشتی زۆریان لەهەردی‌دا. لەراستی‌دا من ئێرەیی بەم بوێریەی دکتور شەریعەتی دەبەم. جا ئەگەر خۆشم ئازانیم لەپیاوی ئازا خۆشم‌دێ. پێم خۆشە ئێوەش وەکومن ئەو مەرد ئازایە بناسن. خوابکا هەر ئازام رزگاربن.

هەژار

۵۹/۱۰/۱۲ - تاران

Preview sample - page 4 of 4 - Soran University Academic Digital Library